# چۆنیەتی مردنی گۆڵچی ه



لە ڕێورەسمێکی قەشەنگدا و بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی یەکجار زۆردا لە ئەڵمانیا تەرمی گۆڵچی هانۆڤەر و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ڕۆبەرت ئەنکە بە خاك سپێردرا لەتەك قەبری کچەکەی لارا کە پێش سێ ساڵ کۆچی دوایکرد کە تەمەنی دوو ساڵ بوو، ئەنکەی تەمەن ٣٢ ساڵ ماوەیەکە تووشی نەخۆشی دڵتەنگی و دەروونی هاتبوو لە ناکاودا خۆی خستە ژێر شەمەندەفەرێك کە لە پێشماڵیان تێپەڕدەبوو و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، مردنی ئەنکە بەم شێوەیە نیگەرانی و بێزارییەکی تەواوی خستە دڵی ئەڵمانییەکان و لە کاتی ناشتنی تەرمی ناوبراو بە سەدان هەزار کەس ئامادەیی مەراسیمیەکە بوون کە ئەمە دووەمین جارە بەم شێوەیە ئامادە بێت دوای ئەوەی جەماوەرێکی یەکجار زۆر ئامادەیی ناشتنی ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا کونراد ئەدیناور ساڵی ١٩٦٧ ببوون و ئەمەو چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئەم مەراسیمیەی ڕاستەوخۆ گواستەوە، ئەمەو دوای خۆ کوشتنی گۆڵچی ئەنکە، پرۆفسیۆر گۆتس مۆندل خاوەنی عیادەی تایبەت بە نەخۆشییەکانی دڵتەنگی و دەروونی گوتی: بەشێوەیەکی گشتی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆوماندوبوون ڕۆڵێکی سەرەکیان دەبێت لە دڵتەنگی وەرزشوانان و هەندێکیش دەڵێن ئەو وەرزشوانانەی کە ئاواتەکانیان ناهاتۆتە دی تووشی ئەم نەخۆشیە دێن، ئەمەو چەندین حاڵەتی نەخۆشی بەم شێوەیە تووشی زۆر لە وەرزشوانان هاتووە لەوانە کچە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان فەرەنسی ماری جۆزی بیریك خاوەن ٣ میدالیای زێر بوو بەشداری لە خولی یارییەکانی ئۆلۆمپی سیدنی ساڵی ٢٠٠٠ کرد و لەگەڵ گەیشتنی لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هێرشێکی توندی کرایە سەر و ناچار بوو خولەکە بەجێ بهێڵێ لە لایەکی دیکە پێش ماوەیەك ئەستێرەی ئینگلیزی پۆل گاسکۆین تووشی نەخۆشی دڵتەنگی هات بەهۆی خواردنەوەی مەی و دەرمانی بێهۆشکەر و چەندین جار خرایە نەخۆشخانەوە هەروەها یاریزانی نێودەوڵەتی ئەڵمانیا و یانەی بایەرن میونیخ سیباستیان دایسلەر لە کتێبەکەی خۆیدا باسی لەسەر دڵتەنگی و دڵڕاوکێ کرد، لە لایەکی دیکەوە یاریزانی هەڵبژاردەی ڕەکبی فەرەنسی کریستۆف دۆمینیتش کە تووشی ئەم نەخۆشییە هات ئەویش بەهۆی مردنی برایەکەی، ئەمەو خێزانی ئەنکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: ئەنکە ئەم نەخۆشیەی لەمن و خەڵك شاردبۆوە و حەزی نەدەکرد کەس پێی بزانێ بۆیە بەپەلە خۆی خستە ژێر



گوڵان
ژمارە (٧٦٠)
٢٠٠٩/١٢/١٤

# ـــــەڵبژاردەی ئەڵمانیا ڕۆبێرت ئەنکە








شەمەندەفەرەکە و خۆی کوشت، پزیشکی دەروونی ڤالنتین مارکسـر دەڵێ: ئەنکە پاڵێوراو بوو بۆ بەرگریکردنی گۆڵی ئەڵمانیا لە کۆتاییەکانی مۆندیالی باشووری ئەفریقیا بۆیە حەزی نەدەکرد کەس لەو نەخۆشییەی بزانێ تا دوور نەخرێتەوە، ڤاڵنتین پزیشکی تایبەتی ئەنکە گوتی: پێش ئەنجامدانی ئەم کارەی نامەیەکی بەجێهێشتبوو و داوای لێبوردنی کردووە کە ئەم کارەی ئەنجام دەدات لە لایەکی دیکەوە ئەنکە ڕۆژێك پێش ئەنجامدانی ئەم کار دەبووایە سەردانی نەخۆشخانە بکات بەمەبەستی پشکنینی پزیشکی کەچی ئەنکە بەنەخۆشخانەی ڕاگەیاندبوو کە باری تەندروستی زۆر باشە پێویستی بە پشکنین نییە، لەمبارییەوە کەس و کاری ئەنکە دەڵێن دوای لە دەستدانی کچەکەی نەیتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات بۆیە ئەم کارەی ئەنجامداوە، ئەمەو تەلەفزیۆنی (ئا ئار دی) ئەڵمانی لە هەواڵێکدا دەڵێ شوێنی ئەنجامدانی کارەکەی تەنیا ٢٠٠م لە قەبری کچەکەی دوور بوو، ئەنکە وەکو یەدەگی لیمان یاری دەکرد لە یۆرۆی ٢٠٠٨ و چاوەڕوان دەکرا ببێتە جێگرەوەی لیمان، بەڵام تووش بوونی بەڤایرۆسی دڵتەنگی و دووركەوتنەوەی لە یاریگا بۆ ماوەی ٥ هەفتە بووە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ گۆڵچی رینێ ئەدلەر کە شوێنی لیمان بگرێتەوە و خۆیان بگەیننە مۆندیالی ٢٠١٠ لە باشووری ئەفریقیا، ئەنکە خێزانداره و منداڵێکی تەمەن ٨ مانگی هەبوو و ٦ یاری بۆ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئەنجامداوە و لە زۆر یانە یاری کردووە لە دەرەوەی ئەڵمانیا لەوانە ساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٢ لە بەنفیکای پورتوگالی یاریکردووە و لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٣ لە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی یاریکردووە.

# خوێندنەوەیەک لە کۆمەڵـ



هەفتەی رابردوو لـــە پایتەختی ئەفریقیای باکوور تیروپشـــکی جامی جیهانی ٢٠١٠ راکێشرا کە تیاییدا ٣٢ هەڵبژاردا بەشداری تیاییدا دەکەن و بەســـەر ٨ کۆمەڵە دابەش کـــراون و لە هەر کۆمەڵەیـــەك دوو یانە بۆ قۆناغی ١٦ سەردەکەوێ، ئەمەی خوارەوەش خوێندنەویـــەك بـــۆ گرووپەکانـــی جامی جیهانیە.

## گرووپی یەکەم

### باشووری ئەفریقیا - فەرەنسا - ئۆرگوای — مەکسیك

ئەم گرووپە بۆ هەر چوار هەڵبژاردە قورسە چونکە هەر چواریان یەك ئاســـتیان هەیە، سەرەتا هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا دوای ئەوەی لە یارییە دۆســـتانەکان ئاستیان وەك پێویســـت نەبوو بۆیە دووبارە بۆندیان لەگەڵ راهێنـــەری بەناوبانگـــی بەرازیل کارلۆس ئەلبێرتۆ باریرا مۆرکردووە بۆ ئەوەی بتوانن لە جامـــی جیهانی ئەنجامێکـــی باش بە دەستبهێنین، جەماوەر هیواداره ئەم راهێنەرە ئاســـتی هەڵبژاردەکەیان بـــۆ بگۆڕێ، لە لایەکـــی دیکەوە هەڵبژاردەی فەڕەنســـا لە یارییەکانی پاڵاوتن ئاســـتی وەکو پێویست نەبوو بە دەســـتی هێنری ســـەرکەوتنیان بۆ مۆندیال مســـۆگەر کرد بـــە پێی چاودێران ئەمە دواین هەڵە بۆ راهێنەری هەڵبژاردەی فەڕەنســـا ریمۆن دۆمنیك بۆ ئەوەی بتوانی ئاســـتی هەڵبژاردەی بە تەواوی بگۆڕی، بەڵام هەڵبـــژاردەی ئۆڕگوای توانی خۆی بگەینێتە مۆندیال دوای ئەوەی لە یارییەکانی پاڵاوتن ئاستێکی یەکجار گەورەی نیشاندا بە شایستە خۆی گەیاندە یارییەکانی مۆندیال ئەم هەڵبژاردەیە پاڵێوراوێکی ســـەرەکیە بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغی دووەم، بە هەمان شێوە هەڵبژاردەی مەکســـیك کە ئێستا یەکێکە لە هەڵبژاردە هەرە بەهێزەکانی ئەم کۆمەڵەیە و خافییـــر ئەگێیری یەکێکە لە راهێنەرە هەرە باشەکان و ئەزموونێکی زۆر باشی هەیە لە چۆنیەتی بەڕێوەبەردنـــی هەڵبژاردەکان لە پاڵەوانیەتیە گەورەکان.

لـــە وکۆمەڵەیە چاودێران پێشـــبینی دەکەن هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا بە پاڵپشتی جەماوەر بتوانێ خـــۆی بگەێنێتە قۆناغی دووەم بلیتی دووەمیش رکابەرییەکە لە نێوان هەر سێ هەڵبژاردەی فەڕەنسا و ئۆڕگوای و مەکسیکە.

## گرووپی دووەم

### ئەرژەنتین — نێجیریا — یۆنان — کۆریا باشوور

زۆربەی بیرۆبۆچوونەکان پێشـــبینی دەکەن هەڵبژاردەی ئەرژەنتین تووشی هیچ کێشەیەك نابێت بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەم، بەڵام مارادۆنا لە لێدوانێکیـــدا تەئکیدی کردووە کە هیچ هەڵبژاردەیـــەك لە جامی جیهانی بێ هێز نییە هەموو هەڵبـــژاردەکان بەهێزن و بە بچووکی ســـەیری هیچ هەڵبژاردەیەك ناکەیـــن، هەرچەندە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین زۆر بـــە زەحمەتی ســـەرکەوت بۆ مۆندیال لە هەمـــان کاتدا ئاســـتی وەك پێویســـت نەبوو لە هەمان کاتدا تووشـــی دۆڕانێکی مێـــژووی هـــات بەرامبەر هەڵبـــژاردەی بۆلیڤیـــا بـــە ئەنجامی ٦-١ گـــۆڵ ئەمە وای لە جەمـــاوەری ئەرژەنتین کرد داوای گۆڕانـــکاری راهێنـــەری هەڵبژاردەکەیان بکەن، بۆیە مارادۆنا زۆر کاری لە پێشە بۆ ئەوەی لە مۆندیال ئاستێکی باش نیشان بدەن، هەڵبژاردەی نێجیریا یەکێکە لە هەڵبژاردە هەر بەهێزەکانی کیشـــوەری ئەفریقیا هەردەم لە بۆنە گەورەکان ئەنجامی چاوەڕوان نەکراو بە دەست دەهێنێت، بەڵام لە یارییەکانی پاڵاوتن ئاســـتێکی یەکجار لاوازیان نیشاندا کە بووە جێگای سەرســـووڕمانی هەموو چاودێرانی وەرزشـــی، بۆیە یەکێتی تۆپی پێ نێجیریا بە دوای راهێنەریەکی بە توانا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە مۆندیال ئاســـتێکی باش نیشان بدەن و خۆیان بگەێنە قۆناغی دووەم، هەڵبژاردەی یۆنان خاوەن ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوەکانە ئەم هەڵبژاردەیە کاتێك لە یۆرۆی ٢٠٠٤ لە پۆرتوگاڵ کەس پێشبینی نەدەکرد ئەم هەڵبژاردەیە بگاتە قۆناغی دووەم کەچی توانی جامی یۆرۆی ٢٠٠٤ بە دەستبهێنێت، بۆیـــە کـــەس ناتوانێ پێشـــبینی ئەنجام و ئاســـتی ئەم هەڵبژاردەیە بکات چونکە لە یارییەکان هەردەم ئەنجامـــی چاوەرونەکراو

ئا-ڕێبین ڕەمزی

# ...ـەکانی جامی جیهانی ٢٠١٠



بە دەست دەهێنین

و خاوەن ڕاهێنەریەکی بە توانایە ئەویش ئۆتۆریهاگیڵی ئەڵمانیە، هەڵبژاردەی کۆریای باکوور بە خەونەکانی مۆندیالی ٢٠٠٢ بەشداری ئەم پاڵەوانیەتیە دەکات بە هێوای بە دەستهێنانی هەمان ئەنجامی ئەم پاڵەوانیەتیە، کەچی ئاستی کۆریای باکوور دوای ئەم مۆندیالە لە دابەزین دایە بۆیە هاندەرانی هەڵبژاردەی کۆریا سەرکەوتنیان بۆ قۆناغی دووەم بە دەستکەوتێکی باش لە قەڵەم دەدەن.

چاودێران هەردوو هەڵبژاردەی ئەرژنتین و یۆنان دەستنیشان دەکەن بۆ ئەوەی لەم کۆمەڵەیە سەرکەون بۆ قۆناغی دووەم.

## گرووپی سێیەم

## ئینگلتەرە – ئەمریکا – سلۆڤینیا – جەزائیر

ئەم کۆمەڵەیە زۆر ئاسانە بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە گەر بە هەمان ئاستی یارییەکان پاڵاوتن یاری بکات و خاوەن ڕاهێنەریەکی زۆر بە توانایە ئەویش فابیۆ کابێلۆی ئیتاڵیەئەم ڕاهێنەرە زۆر بە توانایە دەتوانێ هەڵبژاردەکان زۆر بە ئاسانی بخوێنێتەوە بۆیە پێشبینی دەکرێت ئینگلتەرە تووشی هیچ کێشەیەك نەبێت لەم کۆمەڵەیە، هەڵبژاردەی ئەمریکا لە جامی کیشوەرکان ئاستێکی یەکجار بەهێزی نیشاندا توانی لە گەورەترین هەڵبژاردەکان سەرکەوتن تۆمار بکات و بگاتە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانیەتیە زۆر بە زەحمەتی بەرامبەر هەڵبژاردەی بەرازیل تووشی دۆڕان هات، بەڵام لە یارییەکانی پاڵاوتن ئاستێکی نزمی نیشاندا تووشی دۆڕانێکی مێژووی هات بەرامبەر هەڵبژاردەی مەکسیك بە ئەنجامی ٥ گۆڵی خاوێن ئەمەش وای لە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەمەریکا کرد دووبارە سەیری پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی بکاتەوە لە مۆندیال، هەڵبژاردەی سلۆڤینیا توانی لە یارییەکانی پاڵاوتن لەسەر حیسابی هەڵبژاردەیەکی یەکجار گەورە سەربکەوێت ئەویش هەڵبژاردەی رووسیا بوو ئەمەش وا لە هەڵبژاردەکانی تر دەکات بە چاوێکی نزم سەیری سلۆڤینیا نەکەن، ئەم هەڵبژاردەیە بە هیوای سەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەم یاری دەکات ئەمەش بە دەستکەوتێکی گەورە دەژمێردرێت بۆ ئەم هەڵبژاردەیە، هەڵبژاردەی جەزائیر دوای ماوەیەکی زۆر توانی دووبارە بەشداری لە جامی جیهانی بکاتەوە دوای یارییەکی مێژووی بەرامبەر هەڵبژاردەی میسر، بۆیە هاندەرانی جەزائیر دەڵێن سەرکەوتنمان بۆ مۆندیال دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێمە، ئەمەش وا لە یاریزانەکان و ڕاهێنەری هەڵبژاردەی جەزائیر دەکات بە بێ هیچ پاڵەپەستۆیەك بەشداری مۆندیالی ٢٠١٠ بکەن، ئایا هەڵبژاردەی جەزائیر دەتوانێ هەمان ئەنجامی جامی جیهانی ١٩٧٨ بە دەست بهێنێت؟

چاودێران هەردوو هەڵبژاردەی ئینگلتەرە و ئەمەریکا دەستنیشان دەکەن بۆ ئەوەی سەرکەون بۆ قۆناغی دووەمی مۆندیال.

## گرووپی چوارەم

## ئەڵمانیا – سربیا – گانا – ئوستralia

هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دوای ئەوەی توانی بە ئاستێکی یەکجار باش لە یارییەکانی پاڵاوتن نیشان بدات خۆی بگەنێتە مۆندیال، بەڵام تیروپشك هەڵبژاردەی ئەڵمانیای خستە گرووپێکی یەکجار قورس، هەرچەندە یاریزانان و ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە بارێکی دەروونی یەکجار زەحمەت دەژین دوای ئەوەی گۆڵچی سەرەکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ڕۆبیرت ئەنکە خۆی خستە ژێر شەمەندەفەرێك ئەمەش بووە هۆی گیان لە دەستدانی، بەڵام ڕاهێنەری ئەڵمانیا یواکیم لۆف هەوڵ دەدات لە مۆندیالی ئەفریقیای باشوور ئاستێکی باش نیشان بدات و پشت بە یاریزانە لاوەکان ببەستێت بۆ ئەوەی مێژوێکی زێڕینی بۆ هەڵبژاردەکەی تۆمار بکات، هەڵبژاردەی سربیا توانی لە یارییەکان پاڵاوتن لەسەر حیسابی هەڵبژاردە گەورەکان پلەی یەکەم لە کۆمەڵەکەی بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە هەردوو هەڵبژاردەی ڕۆمانیا و فەڕەنسا بباتەوە بە بێ هیچ کێشەیەك، ئەم هەڵبژاردەیە خاوەن چەندین یاریزانی بە توانایە، هەڵبژاردەی گانا بە بەرازیلی کیشوەری ئەفریقیا بەناوبانگە خاوەن چەندین

ئەستێرەی بە توانایە کە لە زۆربەی یانە گەورەکانی ئەوروپا یاری دەکەن وەکو مایکیل ئیسیان لە یانەی چێڵسی و چەندین یاریزانی تر بۆیە هەڵبژاردەی گانا هەوڵ دەدات لەم مۆندیالە ئەنجامێکی باشتر لە مۆندیالی ٢٠٠٦ بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە قۆناغی ١٦ بەرامبەر هەڵبژاردەی بەرازیل چووە دەرەوە، هەڵبژاردەی ئوستراڵیا یەکێکە لە هەڵبژاردە هەرە بەهێزەکان و زۆربەی یاریزانەکانی لە یانەکانی ئەوروپا یاری دەکەن بە تایبەتی لە خولی ئینگلیزی، ئەم هەڵبژاردەیە لە جامی جیهانی ٢٠٠٦ ئاستێکی یەکجار بەهێزی نیشاندابەهەڵەیەکی ناوبژیوان بەرامبەر هەڵبژاردەی ئیتاڵیا تووشی دۆڕان هات، بۆیە هاندەران هەوڵ دەدەن ئەم هەڵبژاردەیە لە مۆندیالی ئە فریقیا بیا شو و ر ی ئەنجامێکی باشتر بە دەستبهێنێت مێژوویەکی پرشنگدار بۆ وڵاتەکەیان تۆمار بکەن.

چاودێران هەردوو هەڵبژار دەی ئەڵمانیا و گانا دەستنیشان دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە قۆناغی دووەم.

**گرووپی پێنجەم**
**هۆڵەندە – کامیرۆن – دانیمارک – ژاپۆن**

هەرچەندە هەڵبژاردەی هۆڵەندە زۆر بە ئاسانی توانی سەرکەوێت بۆ مۆندیال بە بێ هیچ کێشەیەک، بەڵام یارییەکانی پاڵاوتن وەکو مۆندیال نییە لە هەمان کاتدا هۆڵەندە کەوتۆتە کۆمەڵەیەکی یەکجار قورس، بۆیە راهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندە هەوڵ دەدات بە ئاستێکی جیاواز و پێکهاتەیەکی جیاواز بەشداری مۆندیال بکات بۆ ئەوەی بتوانێ سەردەمی زێڕینی ئەم هەڵبژاردەیە دووبارە بگەڕێنێتەوە، هەرچەندە بەشدارنەکردنی هەڵبژاردەی هۆڵەندە لە جامی جیهانی ٢٠٠٦ بۆ شاییەکی گەورەی جێهێشتبوو، هەڵبژاردەی کامیرۆن یەکێکە لە هەڵبژاردە هەرە باشەکانی ئەفریقیایە خاوەن چەندین یاریزانی بە توانایە بە تایبەتی یاریزانی سامۆیل ئیتۆ یاریزانی یانەی ئەنتەر میلان، بۆیە راهێنەری هەڵبژاردەی کامیرۆن هەوڵ دەدات لە کۆمەڵە قورسە سەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەم مسۆگەر بکات، هەڵبژاردەی دانیمارک یەکێکە لە هەڵبژاردە هەرباشەکانی ئەوروپا توانی لەسەر حیسابی هەڵبژاردەی سوید سەرکەوێت بۆ مۆندیال و خاوەن راهێنەرێکی یەکجار بەتوانایە ئەم هەڵبژاردەیە پشت بە هەموو یاریزانەکان دەبەستێت لە کاتی یاری بۆیە بردنەوە لەم هەڵبژاردەیە زۆر زەحمەتە، هەڵبژاردەی ژاپۆن لەم کۆمەڵەیە ناتوانێ بەرامبەر ئەم هەڵبژاردە بەهێزانە یاری بکات بۆیە سەرکەوتن بۆ مۆندیال گەورەترین دەستکەوتە بۆ هاندەری ژاپۆنیەکان.

چاودێران پێشبینی دەکەن هەردوو هەڵبژاردەی هۆڵەندە و دانیمارک سەرکەون بۆ قۆناغی دووەم.

**کۆمەڵەی شەشەم**
**ئیتاڵیا – پارگوای – نیوزلەندە – سلۆڤاکیا.**

هەڵبژاردەی ئیتاڵیا پاڵەوانی جیهان کەوتۆتە گرووپێکی یەکجار ئاسان بە ئاسانی سەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەم مسۆگەر بکات، بەڵام یاریزانەکانی مارچێلۆ لیپی لە یارییەکانی پاڵاوتن و یارییە دۆستانەکان ئاستیان وەك پێویست نەبوو، بۆیە مارچێلۆ لیپی لەبەردەم ئەرکێکی یەکجار قورسە بۆ ئەوەی پارێزی لە جامی جیهانی بکات، هەڵبژاردەی پارگوای توانی ئاستێکی یەکجار بەهێز لە یارییەکانی پاڵاوتن نیشان بدات و لە گەورەترین هەڵبژاردەکانی جیهان بباتەوە وەکو هەڵبژاردەی بەرازیل و ئەرژەنتین بۆیە چاودێران پێشبینی ئەنجامێکی باش لەم هەڵبژاردەیە دەکەن، هەڵبژاردەی نیوزلەندە بێ هێزترین هەڵبژاردەی مۆندیالە سەرکەوتنیان بۆ مۆندیال گەورەترین دەستکەوتە و دەبێتە مێژوو بۆیە راهێنەر هەوڵ دەدات بە کەمترین ئەنجام لەم پاڵەوانیەتیە بێتە دەرەوە، هەڵبژاردەی سلۆڤاکیا چاوەڕوانی هیچ ئەنجامێکی باشی لێ ناکرێت هەرچەندە توانی سەربکەوێت بۆ مۆندیال، بەڵام ناتوانێ بەرنگاری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و پاراگوای





ببێتەوە.

چاودێران پێشبینی دەکەن هەردوو هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و پاراگوای بۆ قۆناغی دووەم

## کۆمەڵەی حەفتەم

### بەرازیل – کۆریای باکوور – پورتوگال – ساحیل ئەلعاج (کوتی دیڤوار)

هەڵبژاردەی بەرازیل لە مۆندیالی ٢٠١٠ کەوتە گرووپێکی ئاسان، ئەم گرووپە زەحمەترین کۆمەڵەی مۆندیاڵە، هەڵبژاردەی بەرازیل توانی لە یارییەکانی پاڵاوتن زوو بلیتی سەرکەوتن بۆ مۆندیال مسۆگەر بکات، بەڵام کارلۆس دۆنگا بە پێی پێشبینییەکان بە پێکهاتەیەکی بەهێز بەشداری لە مۆندیال دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ جارێکی تر جامی جیهانی بگەڕێنێتەوە خەزینەکانی بەرازیل، چاودێران هەڵبژاردەی کۆریای باکوور بە ئاسانترین هەڵبژاردە دادەنێن لەم گرووپە، بەڵام گەر سەیری مێژووی ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردەیە بکەین بە تایبەتی جامی جیهانی **١٩٦٦** کە لە ئینگلتەرە ئەنجامدرا توانی لە بەهێزترین هەڵبژاردەکانی ئەو سەردەمە بباتەوە وەکو ئیتاڵیا و لە قۆناغی دووەمیش زۆر بە زەحمەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال دۆڕا کە خاوەن یاریزانی بە توانای جیهان ئۆزیبۆ بوو، بۆیە نابێت بە چاوێکی بچووك سەیری ئەم هەڵبژاردەیە بکرێت، هەڵبژاردەی پورتوگال بە ئاستێکی یەکجار لاواز توانی بگاتە یارییەکانی مۆندیال هەرچەندە خاوەن یاریزانی بە توانا کریستیانۆ رۆناڵدۆیە، بەڵام کارلۆس کیروش نەیتوانیوە تا ئێستا پێکهاتەیەکی بەهێز پێکبهێنێت، هەر لە ئێستاوە بیر لەوە دەکاتەوە بە چ پلانێك یاری بکات لە مۆندیال بۆیە ئەرکی هاورێکانی رۆناڵدۆ زۆر قورسە لە مۆندیالی ٢٠١٠، هەڵبژاردەی ساحیل ئەلعاج یەکێکە لە هەڵبژاردە هەرە بە تواناکەنای ئەفریقیا و زۆربەی یاریزانەکانی لە یانەکانی ئەورووپی یاری دەکەن وەکو دێدیە درۆگبا و باکار کۆنی و چەندین یاریزانی تر، بۆیە پێشبینی دەکرێت هەڵبژاردەی ساحیل ئەلعاج لەم مۆندیالە ئاستێکی باشتر نیشان بدات و جیاواز بێت لە مۆندیالی **٢٠٠٦**.

چاودێران پێشبینی دەکەن هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل و پورتوگاڵ سەرکەون بۆ قۆناغی دووەم.

## گرووپی هەشتەم

### ئیسپانیا- هندۆراس – چیلی – سویسرا

ئەم گرووپە ئاسانترین گرووپی مۆندیالە بە تایبەتی بۆ هەلبژاردەی ئیسپانیا کە دەتوانێ زۆر بە ئاسانی سەرکەوێت بۆ قۆناغی دووەمی مۆندیا، لە هەمان کاتدا هەڵبژاردەی ئیسپانیا پاڵەوانی ئەوروپایە و پێکهاتەیەکی یەکجار بەهێزی هەیە و خاوەن راهێنەرکی بە توانای وەکو دیل بۆسکیە بۆیە دەرگای قۆناغی بۆ ئەم هەڵبژاردەیە والآیە بۆ ئەوەی سەرکەوێ بۆ مۆندیال، هەڵبژاردەی هەندۆراس یەکێکە لە هەڵبژاردەکانی ئەمەریکای باکوور و ناوەڕاست توانی سەرکەوێ بۆ مۆندیال دوای رکابەرێیەکی زۆر، ئەم هەڵبژاردەیە خاوەن مێژوویێکی تاڵە لە جامی جیهانی بە تایبەتی بەرامبەر هەڵبژاردەی ئیسپانیا کە توانی لە مۆندیالی **١٩٨٢** بە ئەنجامێکی یەکجار گەورە لە هەندۆراس بباتەوە بۆیە چاودێران پیشبینی دەکەن ئەم هەڵبژاردەیە هیچ کێشەیەك بۆ هەڵبژاردەکانی تر دروست نەکات، هەڵبژاردەی چیلی هەڵبژاردەیەکی بەهێزی خاوەن چەندین یاریزانی بە توانایە بە تایبەتی لە هێڵی هێرشبەر، لە یارییەکانی پاڵاوتن رکابەرێکی زۆر بەهێزی هەڵبژاردەی گەورەکان بوو لە گشت یارییەکان ئاستێکی بەهێزی نیشاندا چاوەڕوان دەکرێت ئەم هەڵبژاردەیە لە ئاست بەهێزەکەی لە مۆندیال بەردەوام بێت، هەڵبژاردەی سویسڕا دوای ئەوەی بۆندی لەگەڵ راهێنەر ئۆتمار هێتسفێڵد مۆرکرد ئاستی زۆر باشی نێشاندا بۆیە چاوەروان دەکرێت لەگەڵ ئیسپانیا سەرکەوێت بۆ قۆناغی دووەم.

چاودێران پێشبینی دەکەن هەردووهەڵبژاردەی ئیسپانیا و سویسڕا سەرکەون بۆ قۆناغی دووەم.